# کۆچ و ڕەوی عەقڵی کوردی

رزگار سەعید



کاتێک کاریگەری گۆڕانکاریەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لەتێکڕای بوارەکانی ژیاندا بەشێوەیەکی فراوان و بێ ئەندازە هاتنە گۆڕێ، ئەو گۆڕانکاریانە بوونە فاکتەرێک بۆ کردنەوەی چەندین کەناڵی دیکە بۆ برەودان بەتواناو هەوڵەنوێیەکان بۆ پێشکەشکردنی باشتری تواناکان .هەر ئەم حەزی پێشکەشکردن و خزمەتکردنەبوو وای کرد کەسەکان بەشوێن پەناگەی دیکەدا بگەڕێن لەکاتێکدا ئەو پێگەیەی کەخۆی تێیدا دەژی توانای پڕکردنەوەی ئارەزووەکانی ئەوی تێدا نیە باشترین چارەسەریش کۆچ کردن بوو، هەر بۆیە هەوڵی کۆچکردن بۆ پەناگەیەکی دی سەری هەڵدا .

لەسەرەتای پێشبڕکێی تەکنەلۆژیاوە ئەم جۆرە بیرکردنەوەو بەدواداچونە سیاسەتمەداران و سەرمایەدارانی هۆشدارکردەوە بەوەی بەرنامەدارێژی بۆ بکەن و هەوڵی بردنی عەقڵی نوێ و بەتوانابدەن لە هەموو پارچەکانی جیهاندا. لەم ساڵانەی دوایدا وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکی هەوڵی زۆریاندا ڕێژەی پەنابەران کەم بکەنەوەو ئەلتەرناتیڤێک دابنێن بۆ کرێکارانی بیانی ، بەمەبەستی کەمکردنەوەو بنبڕکردنی دیاردەی کۆچ تاهەوڵ بدرێت ئەوکەسەی مەبەستیانە ئایا کەسێکی شیاوو عەقڵێکی کراوەو داهێنەرە ئینجا بیهێننە ناو وڵاتەکەیانەوە !.

ئەم هەوڵە تاڕادەیەکی بەرچاو وای کرد بەپێی ئەو بەرنامە دارێژیە چەندی عەقڵی رۆژهەڵاتی بهێنن و هەموو پێداویستیەکیشیان بۆ فەراهەم کرا (لەکاتێکدا هەر ئەو پێویستیانە دەکرێت لەوڵاتی دایکیشدا فەراهەم بکرێت لەلایەن حکومەتەکانەوە ) ئەم هەنگاوە دەستپێشخەریەکی تری ڕەخساند بۆکەسانی تر کە هەوڵی دەربازبوون بدەن و بێنە دەرەوە ، تاوای لێهات ئیدی هەر ئەو کەسانە ڕێگەی نایاساییان گرت و بەلێشاو  ڕێگەی سەفەریان هەڵبژارد ,بێگومان کوردستانیش بێبەش نەبوو لەو دیاردەو بارە نائاساییەو تاهەنوکەش رۆژانە کۆچ وڕەو بەهەردوو ڕێگەکە بەردەوامە .

کۆچکردنی عەقڵی داهێنەر بەیەکێک لەو فاکتەرە بەهێزانە ئەژمارد دەکرێت کە کاریگەری دروست دەکات لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگەو ئاستی ئاسۆی هۆشیاری دەڤەرەکەش ، بۆ نمونە  لەم ساڵانەی دوایدا دەبینرێت چەندین مامۆستاو دکتۆر و زاناو نوسەرو هونەرمەند تەکنیکارو لیکۆڵەرەوەی کیمیایی و فیزیاوی وپارێزەرو خاوەن پیشەدەستیەکان و چەندانی تر.... هاتنەدەرەوەی کوردستان، کەلەڕاستیدا کوردستان لە توانای ئەو کەسانە بێبەش دەبێت لەلایەک و لەلاکەی تریش هەموو ئەو ئیمکانیاتەی کەسەرفکراوە لەلایەن کۆمەڵگە تا بەحکومەت دەگات بۆ ئەوتاکی کۆمەڵە لە یەک کاتدا لەناو دەچێت ،چونکە کەسەکە بوون و جێپێگەی نامێنێت و هەڵدەکەنرێت ،ئەمەش بۆ خۆی چەند بەزیانێکی ئابوری دەشکێتەوە ئەوەندەش زیانێکی فەرهەنگیە.

هۆکارێکی تری گرنگی کۆچکردنی عەقڵی داهێنەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەڤەرانەی کەناکۆکی و باری نائاسایی وەک شەڕو ماڵوێرانی و کوشتنی تێدایە و هەر ناوچەیەک ئەو نائارامەی تێدا سەرهەڵبدات ئەوە سەرچاوەی کۆچیشی تێدا لەدایک دەبێت،  دیارە کوردستانیش لەبەر هەمان فاکتەر بەشی گەورەی بەردەکەوێت، ئینگلیزەکان  بەیەکەم کەس دادەنرێن لە کۆنترۆڵکردنی  دیاردەی کۆچی عەقڵی داهێنەرو بەقازانجی خۆیانی بەستۆتەوە ، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە ئەم شەپۆلە جگە لەکوردستان وڵاتانی وەک سوریاو لوبنان و جەزائیریشی بەشێوەیەکی بەرچاو گرتوەتەوەو هەوڵ

دراوە ئەو عەقڵانە بەرەو وولاتانی ئەورووپاو ئەمەریکا سەفەریان پێ بکرێت گەر خۆویستانە بوبێت یان لەژێر هەڕەشە یان هەر بیانویەکی تردا بوبێت گرنگ ئەوەیە سەفەریان کردووەو هەڵکەندراون.
دوای هەردووشەری جیهانی ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی بەرچاوتر برەوی سەندوەو تەشەنەی کردووە بەپێی ڕاپۆرتی کۆمکاری عەرەبی و ئەو ئامارەی بڵاوی کردوەتەوە دەڵێت کۆچکردنی کەسەکان بەڕێژەی 25%/بۆ 50% زیادی کردووەو ئەمەش وای کردووە کاریگەری نەگەتیڤی لەسەر دواکەوتویی کۆمەڵگەکەکان دروستکردووە.
لەم ماوەیەی ڕابردوودا بەجۆرێکی تر شێوازی ئەو کۆچە بەپێی بەرنامەیەکی ترەوە گۆڕانکاری بەخۆوە بینی و هەوڵی ڕاگرتنی کۆچکەرانیان دا ، لەئەمەریکادا کۆنگرێس توانی بڕیارێک دەربکات و پشتگیری لەو خوێندکارانە بکات کە ساڵانە لەوولاتە جیاوازەکان دەردەچن ووەریان دەگرن، لەبوارەکانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتودا بەڕژەی 90 هەزار لەساڵی یەکەمداو ساڵانە ئەم ڕێژەیە زیاد دەکەن بۆ ئەوەی سودی زیاتری لێ وەربگرن تا ساڵی داهاتوو بگاتە 150 هەزار بۆ 210 هەزار ،ئیدی ڕۆژەکان بەپێی ویستی خۆیان بەرزتری دەکەنەوە.
لەلایەکی ترەوە کۆچکردنی عەقڵی داهێنەر دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پێداویستیە تایبەتیەکان تا ئەزمونکاران تاقیکردنەوەکانی خۆیانیانی تێدا ئەنجام بدەن بەتایبەت لەبوارەکانی کەشناسی ودروستکردنی چەک و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو پزیشکی وکشتوکاڵ و پەروەردەو هتد...
ڕۆبەرت مینکمبانکارا کە بەڕێوەبەری پێشوی بانکی نێودەوڵەتیە دەڵێت ( ئەو جۆرەعەقڵانەبەشێوەیەکی گشتی وەک دڵ وان لەکوێ دڵیان گرتی لەوێ دەمێننەوەو جێگیر دەبن) هەر ئەم بۆ چونەشە وای کردووە وولاتە سەرمایەدارەکان باشترین ژینگە بۆ ئەو عەقڵانە بڕەخسێنن و هەموو پێداویستیەکانی ژیانیان بۆ فەراهەم بکەن .
گەر لەدیوەکەی تردا خوێندنەوە بۆ وولاتانی ئەوروپی و ئەمەریکی بکەین ، هۆی چیە وبۆچی هەمیشە هەوڵی بردن و ڕەخساندنی بارێک دەکەن تا ئەو عەقڵانە ڕەو پێبکەن ؟ بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی بەردەوام لەسەر سەرژمێری کەسەکان و دانیشتوانی وولاتان دەکرێت دەبینرێت نەبوونی دروستکردنی خێزان و ژن هێنان و شوکردن و منداڵ بوون هۆکاری گەورەی ئەو کێشەیە دەردەخات تا ئەو ڕادەیەی پێیان دەڵێن (وولاتە پیرەکان) بەپێچەوانەی ڕۆژهەلات هەمیشە دروستبوونی خێزان لە پێش زۆر کاری ترەوەیە
دوا ڕاپۆرتی یونسکۆ دەربارەی کۆچی عەقڵی ڕۆژهەلاتی بۆ دەرەوە دەڵێت تەنها لە هەشت وولاتی ناوچەکە کە کوردستان یەکێکیانە گەر لەسەر ئێراق حسابی بۆ بکەین لەهەموو بوارە پیشەیی و فیکریەکاندا دەگاتە 10،000 کەس و ڕێژەی 70% ی ئەو عەقڵە داهێنەرانەش بەهیچ جۆرێک ناگەڕێنەوە بۆ پێگەی خۆیان ،ئەمەش دیارە کاریگەریی دەبێت لەسەر بونیاتی بەرەوپێشچونی کۆمەڵگە هەر بۆیە دەبینرێت ناوچەکە ڕێژەیەکی زۆری نەخوێندەواری و نەزانین تا دەگات بە کێشە کۆمەلایەتی و سیاسیەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەورەبوندایە وەک لەوەی کۆنترۆڵی کێشەکان بەشیوەیەکی دروست بکرێت کێشەکان ئاڵۆزتر دەکرێن ، باشترین نمونەش هەمان ڕێژەی نەخوێندەواریە لەوولاتانی ڕۆژهەلات کەدەگاتە 49 % گەر بەراوردی بکەین بەرانبەر بەرێژەی نەخوێندەواری لەوولاتە پێشکەوتووەکان دەبینین ڕێژەکەیان هێندەکەمە ناگاتە ژماردن و بەرێژەی 4،1% دەخوێنرێتەوە.
لەکۆتایدا ئەوەندە دەڵێین کۆچکردنی عەقڵی نوێ هەمیشە ئەو وولاتانە دەوڵەمەند تر دەکات و

وولآتانى رۆژهەلآتیش هەژارو هەژارتر ،هەر داهێنانیکیش داهێنەران دایبهێنن تەنهابەرهەمێکە و قازانجەکەی ئەوان دەیدورنەوە سودی لێ وەردەگرن .

بن برِکردنی دیاردەی کۆچکردنی عەقڵی داهێنەر کارو ئەرکی حکومەتە بەتایبەت گەر قسە لەسەر حکومەت و کۆمەڵگەی کوردیمان بکەین ، پێویستە بەبەرنامەی مەحکەم و دارێژراوەوە هەوڵی دابینکردن و فەراهەمکردنی ژیانی لەبارو باش بۆ ئەو عەقلآنە بدرێت تا نەهێلرێت کۆچ بکەن و هیچ نەبێت ئەو داخوازی و پێداویستیانەیان بۆ دابین بکەن کە مرۆڤی ئاسایی هەوڵی بۆ دەدات چونکە سەرمایەی وولآت لەوێوە دەست پێدەکات و بونیاتی بەرەوپێشچونی کۆمەڵگەش هەرلەسەردەستی ئەو کەسانە بەرەو پێشەوە دەچێت.

سەرچاوە:

هجرة العقول العربية – خضير عباس النداوي

التقرير الاقتصادي العربي الموحد : ( أيلول / سبتمبر 2000) ص 27